# ڕەوشی مافەکانی کرێکاران لەعێراق وهەرێمی کوردستان

لەنیوەی یەکەمی ساڵی 2024



# ڕەوشی مافەکانی کرێکاران لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤
## ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی

**پێشەکی:**

ڕەوشی مافەکانی کرێکاران و ئازادی کاری سەندیکایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەنیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ هەندێك ئاڵوگۆڕی یاسایی و ڕێسایی بەسەردا هاتووە.لە عێراقدا یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠٢٣ هەندێك ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەرچووە لە ساڵی ٢٠٢٤ بەتاتیبەتی بۆ کرێکارانی ناڕێکخراوو ئەوانەی خاوەنکاریان نیە.لەهەرێمی کوردستانیش بۆ یەکەمین جار لەمێژووی حکومەتی هەرێمدا ڕێنمایی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی دەرچوو.ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش ڕێککەوتنامەی ١٩٠ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی پەسندبکات ئەوە دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ زیاتر دەستەبەرکردنی مافی کرێکاران بەتایبەتی کرێکاری ئافرەت.

لەبەرامبەر ئەو هەوڵانەدا لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە ٥٠ کرێکار لەکاتی کارکردندا لەعێراق و کوردستان گیانیان لەدەستداوە.زیاتر لە هەزاری دیکەش تووشی پێکان بوون. هیچ هەوڵێکی جددی نیە بۆ ڕێکخستنی کاری کرێکاران لەسەردەمی گۆڕانی کەش و هەوادا سەرباری بانگەوازەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان.

ئەم ڕاپۆرتەی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی درێژەپێدەری هەوڵی دە ساڵەیە لەو بوارەدا.کاری بەدواداچوونی تیمەکانی ڕێکخراوە بۆ پرسەکانی کرێکاران لە شوێنی کار،لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، هەروەها چاودێری کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن.بۆی هەیە ژمارەی پێشێلکاری و قوربانییەکان زۆر لەوە زیاتر بن،بەڵام ئێمە تەنها بەوەندە گەیشتووین.پێشمان وایە ئەم ئەرکە پێویستی بەکاری هەمەلایەنە هەیە و دەستخۆشی لەهەر لایەکی دیکە دەکەین کە شان بداتە بەر ئەم ئەرکە و بەهەمولایەك بتوانین ڕەوشی مافەکان باشتربکەین.

## یەکەم: دۆخی  یاسایی مافی کرێکاران لە عێراق و هەرێمی کوردستان

### ١- یاسای کار لە عێراق و هەرێمی کوردستان

لە ڕووی چوارچێوەی یاسایی لە عێراق یاسای کار ژمارە ٣٧ی ساڵی ٢٠١٥ تاوەکو ئێستا.بەڵام لەوەتەی ساڵی ٢٠٢٣ ەوە خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ ئەوەی ئەو یاسایە هەموار بکاتەوە.
ئەو یاسایە کە تیایدا یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران و نوێنەرانی خاوەن کار تیایدا بەشداربوون لە نووسینەوەی تا ئاستێکی باش لەگەڵ ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و یاساکانی مافەکانی مرۆڤ گونجاو بوو.بەڵام بێ کەموڕی نین.بەتایبەتی لە بەشەکانی تایبەت بە

کارخستن و چارەکردنی ناکۆکییەکانی کار و پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ فرە یەکێتی ڕێکخراوەکانی کرێکاران و بگرە لە ئاستی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیشدا.

بەپێ بەدواداچوونەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە عێراق تیمی جیاجیا بۆ هەمواری یاساکە دروستکرابوون و کارەکانیان تەواوکردووە ،بەڵام تاوەکو ئێستا ڕەشنووسی یاسا هەموارکراوەکە ڕەوانەی لێژنەی تایبەتمەند نەکراوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. هەندێك لە چالاکوانانی بواری مافەکانی کرێکاران ترسیان هەیە ئەو هەوارە بەشێوەیەك کە لەو مافانەی کرێکاران و ئازادی کاری سەندیکایی کەم بکاتەوە کە لەیاسای ٣٧ی ساڵی ٢٠١٥ دا هەیە بۆیان پێیان وایە پەلەنەکرێت لەهەموارکردنەکە و پێویستە هەموو لایەنەکان ڕێکخراوەکانی کرێکاران و خاوەنکار لەهەوارکردنەکەدا بەشداربن.

هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە جێبەجێکردنی  یاسای کاری ژمارە ٧١ ساڵی ١٩٨٧،سەرەڕای ئەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای مانگی ئازاری ٢٠٢٣ یاسایەکی نوێی کاری دەرکرد، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە، جێبەجێکردنی یاساییەکە ڕاگیرا.یاسا کۆنەکەی هەرێمی کوردستان کە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسدا دەرچووە لەگەڵ دەیان مافی کرێکار ناکۆکە بە نموونە ڕێگری دەکات لە فرە ڕێکخراوەیی کرێکاران و لەبواری سەلامەتی و تەندروستی پیشەیشدا پڕە لە کەم و کوڕی کە پێویستی بەوەیە هەرچی زووە پەرلەمانی داهاتووی هەرێمی کوردستان رایبگرێت و یاسای کاری نوێ پەسند بکاتەوە.

### ٢- یاسای ڕێکخستنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان

ڕۆژی ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٤  نوێنەرانی ١٢ ڕێکخراوی کرێکاری کە لە عێراقدا هەن یاداشتنامەیەکیان ڕاگەیاند کە تیایدا داوایان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە کە گفتوگۆ لەسەر ئەو ڕەشنووسی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی ڕێکخراوو سەندیکا کرێکارییەکان هەیە لە عێراق رابگرن،چونکە ئەوان بەشدارنەبوون لەنووسینی و ئەوە ئەو ڕەشنووسە نیە کە وەختی خۆی نوێنەرانیان لە لێژنەی سێقۆڵی لە وەزارەتی کاری عێراق بە فەرمی نوسیویانەتەوە لانی کەمی ئازادی کاری سەندیکایی تێدایە!
لەعێراقدا هێشتا یاسای ژمارە ٥٢ی ساڵی ١٩٨٧ ی تایبەت بە ڕێکخستنی کرێکاری هەڵنەوەشێندراوەتەوە،کە ڕێگری دەکات لەئازادی ڕێکخراوەیی ، کە عێراق لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ وە خۆی پابەندکردووە بە ڕێککەوتنامەی تایبەتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی تایبەت بە ئازادی کاری سەندیکایی.هەروەها لە یاسای کاری عێراقی ژمارە ٣٧ی ساڵی ٢٠١٥ دەیان بڕگە هەن کە دان دەنێن بە ئازادی کاری سەندیکایی و تەنانەت لە واقیعی ئێستای عێراقدا زیاتر لە ١٢ یەکێتی کرێکاران بوونیان هەیە و کاردەکەن.
ئەو ڕەشنووسەی کە لێژنەی تایبەتمەند لە پەرلەمانی عێراق  نوسیویانەتەوە بەتەواوی ناکۆکە لەگەڵ خواستەکانی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی عێراق.یەکێك لەسەرکردەی ڕێکخراوەیی کرێکارانی عێراق بە تیمی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند «لەکۆی ٤٩ ماددەی ئەو ڕەشنووسی یاسایە تێبینیمان لەسەر

٣٥ مـاددەی هەیـە و نامانەوێـت بەهیـچ شـێوەیەك گفتوگـۆی لەبـارەوە بکەیـن».
لێژنـەی تایبەتمەنـد لـە رێکخـراوی کاری نێودەوڵەتـی تێبینـی جددیـان لەسـەر ئـازادی کاری رێکخراوەکانـی عێـراق هەیە.هـەر بۆیـە عێـراق پێویسـتە هەرچـی زووە گرفتەکانـی ئـەو بـوارەی چارەبکات.لێژنەیەکـی تایبەتمەنـد لـەو رێکخـراوەوە سـەردانی عێراقـی کردووە،لایەنـی پەیوەنـدری عێراقـی راسـپاردووە کـە هەرچی زووە یاسـای رێکخسـتنی کاری سـەندیکایی پەسـندبکات بەپێـی پابەندییـە نێودەوڵەتییەکانـی دەوڵەتـی عێراق.لـەدوای ئـەوە وەزارەتـی کاروکاروبـاری کۆمەڵایەتـی دەسـتی داوەتـە نووسـینەوەی رەشنووسـی یاسـایەك کـە تیایـدا نوێنەرانـی سـەرجەم رێکخـراوە کرێکارییەکانـی عێـراق (کـە ئێسـتا لـە سـێ هاوپەیمانیدا خۆیـان رێکخسـتووە) بەشـدارن لـە نووسـینەوەی ئـەو رەشنووسـە . تـا ئامادەکردنـی ئـەم راپۆرتـە کارەکانـی نووسـینەوەی رەشنووسـەکە تـەواو نەبووە،کـە چـاوەڕی دەکرێـت رەشنووسـێکی باشـتر بێـت لـەوەی کـە لـە لایـەن لێژنەکـەی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێراقـەوە نووسراوەتـەوە.

لەهەرێمـی کوردسـتاندا کـە دەبێـت هاوشـێوەی عێـراق پابەنـدی ئـازادی کاری رێکخراوەیـی کرێـکاران بێـت. رەوشـەکە تـەواو پێچەوانەیـە هیـچ دەقێکی یاسـایی ناوخۆیـی بوونی نیە بۆ ئـازادی کاری سـەندیکایی،چونکە تـا ئێسـتا کار بـە یاسـای ٥٢ی سـاڵی ١٩٨٧ی رێکخسـتنی کرێـکاری دەکات کـە رێگـرە لەفـرە رێکخراوەیـی ،هەروەهـا یاسـای کاری ٧١ی ساڵی ١٩٨٧ جێبەجێدەکرێـت کـە ئەویـش رێگرە لـە فرە رێکخراوەیـی کرێکاران و لـە واقیعیشـدا تەنهـا یـەك رێکخـراوی کرێکاریـی بەرەیـی هەیـە و هیچـی دیکە.لـە حاڵەتـی نەبوونـی دامـەزراوەی یاسـادانانیش کـە ئێسـتا بوونـی نیـە لـە هەرێمـی کوردسـتان ئەرکەکـە قورسـتر دەبێت.هـەر بۆیـە پەرلەمانـی داهاتـووی هەرێمـی کوردسـتان لەتـەك یاسـای نوێـی کاردا پێویسـتە یاسـای رێکخسـتنی کاری رێکخـراوە کرێکارییەکانیـش بڕیاربـدات.

## ٣- یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی

یاسـای نوێـی خانەنشـینی و دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی لـە عێـراق ژمـارە (١٨) لـە سـاڵی ٢٠٢٣ بـۆ کرێکارانـی کەرتـی تایبـەت بـە هەنگاوێکـی کاریگـەر بـۆ بەرزکردنـەوەی بـاری ژیانـی کرێـکاران دادەنرێـت. یاسـاکە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو مافـی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی بـۆ گروپـە کۆمەڵایەتییـە جیـاوازەکان لـە کەرتـی تایبەتـدا فراوانـتر دەکات، لەوانـە کرێکارانـی ڕێکخـراو و ناڕێکخـراو کـە سـوودمەند دەبـن لـە یاسـاکە بـە مەرجێـک بەشـدارییەکانی خانەنشـینی کـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی خۆیان بـدەن. ئەم یاسـایە کە لـە چوارچێوەی چاکسـازییە ئابوورییەکانـی حکومەتـدا دەرچـووە، ڕوومـاڵێکـی فـراوان و مامەڵـەی یەکسـان بـۆ هەمـوو کرێـکاران مسـۆگەر دەکات، بـە گرنگیدانێکـی تایبـەت بـە کەرتـە ناڕێکخـراوەکان و یەکسـانی جێنـدەری. تایبەتمەندییـە سـەرەکییەکان بریتیـن لـە پشـتگیری دەوڵـەت بـە ڕێـژەی ٨٪ بـۆ کرێـی کەرتـی ڕێکخـراو، ١٥٪ بـۆ کرێـی کەرتـی ناڕێکخـراو، بڕگەکانـی خانەنشـینی ئیختیـاری، و لەخۆگرتنـی چاودێـری تەندروسـتی بـۆ خانەنشـینەکان.یەکێک لـە توخمـە سـەرەکییەکانی ئـەم یاسـایە فراوانکردنـی یارمەتییەکانـی ئاسایشـی کۆمەڵایەتییـە بـۆ ئـەوەی زۆرتریـن ژمـارەی کارمەنـدان بگرێتـەوە، ئەوانـەش کـە لـە دەرەوەی کەرتـی فەرمی کاردەکـەن، وەک لـە مـادەی ٦٩دا هاتووە.بـە پێـێ ئـەم یاسـایە گەنجینـەی گشـتی ١٥٪ بەشـداری بـکات

بـۆ بەشـداریکردنی ئەوانـەی لـە کەرتـی نافەرمـی کاردەکـەن یـان خۆبەخشـن، لەکاتێکـدا بەرپرسـیارێتی بەشـداربوو تەنهـا ٥٪ سـنووردارە، وەک لـە مـادەی ٧١دا وردەکارییەکانـی هاتـووە. جگـە لـەوەش، مـادەی ٢٩ سـاڵی خزمـەت بـۆ شایسـتەیی مووچـەی خانەنشـینی بـۆ کەسـانی بیمەکـراو دیـاری دەکات: پیاوانـی تەمـەن ٦٣ سـاڵ کـە ١٥+ سـاڵ خزمەتیـان کـردووە، یـان ٦٠ سـاڵان بـە ٢٠+ سـاڵ، یـان ٥٠ سـاڵان لەگـەڵ ٣٠+ سـاڵ؛ ژنـان لـە تەمەنـی ٥٨ سـاڵیدا لەگـەڵ ١٥+ سـاڵ، ٥٥ سـاڵ لەگـەڵ ٢٠+ سـاڵ، یـان ٥٠ سـاڵ لەگـەڵ ٢٥+ سـاڵ. سـەرەڕای ئـەوەش، ئەوانـەی بەپێـی مـادەی ٢٩ دەگەنـە تەمەنـی خانەنشـینی کـە سـاڵی پێویسـتیان نیـە بـۆ شایسـتەی موچـەی خانەنشـینی دەتوانـن تـا ٥ سـاڵ خزمـەت بکـرن، بـەڵام دەبێـت هـەم پشـکی خۆیـان و هـەم بەشـداریی خاوەنکارەکـەی ١٧٪ دەدەن، بـە پشتبەسـتن بـە تێکـڕای مووچەکانیـان لـە مـاوەی پێنـج سـاڵی ڕابـردوودا، بـە مەرجێـک لـە لانیکەمـی کەمتریـن مووچـە کەمـتر نەبێـت .

لـە ڕۆژی ١٣ی ئایـاری ٢٠٢٤ بـە ئیمـزای وەزیـری کارو کاروبـاری عێـراق لـە ژمـارە ٤٧٧٤ی ڕۆژنامـەی وەقائعـی عێراقـی دەقـی ڕێنماییـەك بڵاوکراوەتـەوە بـۆ ئـەو توێژانـەی کـە یاسـاکە دەیگرێتـەوە کـە خـۆی لـە ١٥ تـوێ دەبینێتـەوە و دەتوانـن ئارەزوومەندانـە خۆیـان دەسـتەبەر بکەن.ئـەوەش هانگاوێکـی گرنگـە بـۆ جێبەجێکردنـی یاسـاکە و دەسـتەبەرکردنی کرێـکاری نارێکخـراو.

بـەڵام بەشـێک لـە چاودێـران ڕەخنـە لـە یاسـاکە دەگـرن و گومـان لـە جێبەجێکردنەکـەی دەکەن.بەتایبەتـی بابەتـی متمانـە بـە خـۆ دەسـتەبەرکردن .چالاکوانێکـی بـواری کرێـکاری بـە تیمەکانـی ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی ڕاگەیانـد «گرفـت ئەوەیـە کـە داهاتـی کرێـکاری نارێکخـراو جێگیـر نیـە و بـڕی داهاتـی زۆر کەمەکـە بەشـی بژێـوی ژیانـی نـاکات چ جـای ئـەوەی خـۆی پـێ دەسـتەبەر بکات.هەروەهـا نەبوونـی متمانـە بەپرۆسـەکە و کەمـی هوشـیاری ڕێگـری گـەورەن لەبـەردەم دەسـتەبەرکردنی کرێـکاری ناڕێکخـراو».

لەهەرێمـی کوردسـتان کار بـە یاسـای ٣٩ی سـاڵی ١٩٧١ی هەموارکـراو دەکرێـت یاسـای خانەنشـینی و دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی .هەرچەنـدە لـە سـاڵی ٢٠٢٣ وەزارەتـی کار ڕەشنووسـێکی بـۆ هەموارکردنـی ئـەو یاسـایە ئامادەکـردووە بـۆ ئـەوەی زۆرتریـن کرێـکار دەسـتەبەر بکرێت.بـەڵام بەهـۆی نەبوونـی پەرلەمانـەوە لـە هەرێمـی کوردسـتان نەتوانـراوە جـێ بەجـێ بکرێـت.

لەئاسـتی پراکتیزەییـدا لـە دوو سـاڵی رابـردوودا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان زیاتـر گرنگی بە دەسـتەبەری کرێکاران.

بـە پشتبەسـتن بـە ئامارەکانـی سـەرەتای سـاڵی ٢٠٢٤ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، لـە کوردسـتان ١٤٤ هـەزار و ٩٣٠ کرێـکار لـە بـواری دەسـتەبەری کۆمەڵایەتیـدا ناویـان تۆمارکـراوە. بـەڵام تـا ئێسـتا ڕێـژەی وردی ئـەم کرێکارانـە لـە پێوەنـدی لەگـەڵ کـۆی ژمـارەی کرێـکاران و فەرمانبەرانـی کەرتـی تایبەتـدا نادیـارە، چونکـە کـۆی قەبـارەی هێـزی کار لـە کەرتـی تایبەتـدا بە ڕوونـی دیاری نەکـراوە. ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئازادی ئامـاژە بـەوە دەکات کـە ئـەم ژمارەیـە بـەردەوام نـوێ دەکرێتـەوە بـەڵام حساب بـۆ ئـەو کرێکارانـە نـاکات

کە یان گرێبەستەکانیان هەڵوەشاوەتەوە یان کارەکانیان دەگۆڕن. لە کاتێکدا کە دۆخی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لە هەرێمی کوردستان لەبارتر دەردەکەوێت، وەک بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا، باس لەوە دەکرێت کە ٣٠٪ی کرێکاران دەستەبەرکراون. بەڵام ئەم ژمارەیە لە ڕێگەی ئاماری وردەوە پشتڕاستکردنەوەیەکی نییە، بەتایبەتی سەبارەت بە ژمارەی کرێکارانی کەرتی تایبەت. سەرەڕای ئەوەش، هیچ رێنمای یان بڕیارێکی دامەزراو بۆ کرێکارانی ڕۆژانە و کەرتی نافەرمی و ناریکخراو نییە. بەڕێوەبەری گشتی باسی لەوە کرد کە بە هاوکاری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار دەکەن بۆ دارشتنی ستراتیژێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە.

### چوارەم: عێراق رێککەوتنامەی ١٩٠ی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی پەسند دەکات

لەهەنگاوێکی گرنگدا ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٤ دا بڕیاریدا کە رێککەوتنامەی ١٩٠ی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی پەسندبکات و پرۆژە یاسایەکی لەوبارەیەوە نارده ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.حیپ ان العراق عچو فی منڠمه العمل الدولیه منژ عام ١٩٣٢، وقد صادق علی ٧٢ اتفاقیه (٥٦ ساریه المفعول) للمنڠمه، بینها الاتفاقیات الپمان الاساسیه.

رۆژی ١٦ی نیسانی ٢٠٢٤یش ئەنجووەمەنی نوێنەرانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی بۆ رەشنووسی بڕیاری پەسندکردنی رێککەوتنامەی ١٩٠ی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی تەواوکرد.چاوەڕوان دەکرێت کە خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت و پەسند بکرێت.ئەوەش بەوەرچەرخانێکی گرنگ ئەژمار دەکرێت کە وا دەکات شوێنی کاری سەلامەتر دەستەبەر بکرێت و هاندەر بێت بۆ بەرهەمی زیاتر و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

رێککەوتنامەی ١٩٠ی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کە تایبەتە بە رێگرتن لە توندوتیژی و هەراسان کردن لە شوێنی کار لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە حوزیرانی ٢٠١٩ لە رێکخراوی کاری نێ,دەوڵەتی پەسندکراوەو بەیەکێ: لە رێککەوتنامە گرنگەکان دادەنرێت بۆ رێگری لە توندوتیژی و هەراسانکردن لە شوێنی کاردا.

### دووەم: سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی ( گیان لە دەستدانی کرێکاران لە شوێنی کار درێژەی هەبە)!

تاوەکو کۆتایی مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤ تەنها لەهەرێمی کوردستاندا ٢٠ کرێکار لە شوێنی کار گیانیان لەدەستداوە! لە عێراقیش هیچ مانگێك نیە زیاتر لە ١٠٠ کرێکار تووشی پێکانی کارنەبن.بەپێی بەدواداچوونی چاودێرانی رێکخراوی ئاشتی و ئازادی.

دۆسـییەی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی دۆسَـیەکی گرنگـە و پێویسـتی بەهەوڵـی خێـرای هـەردوو حکومەتـی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتانە هەرچـی زووە رێوشـوێنی خێـرای بـۆ بگرنەبـەر.

لەساڵی رابـردوودا هـەردوو وەزارەتـی کاروکاروبـاری کۆمەڵایەتـی لـە عێـراق و هەرێمی کوردستان.سیاسـەتی سـەلامەتی و تەندروسـتی لـە کەرتـی کشـتوکاڵ پەسـند کرد.حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش لەوەتـەی دامەزراندنیـەوە بـۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی خۆیـدا رێنمایـی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی لـە ٢٨ی کانونـی دووەمـی سـاڵی ٢٠٢٤ لـە ژمـارە ٣١٤ ی رۆژنامـەی وەقائعـی کوردسـتان بڵاوکـردەوە( لـە نوسـینەوەو راهێنانـی چاودێرانـی ئـەو بـوارە لەهەرێمـی کوردسـتان رێکخراوەکەمـان رۆڵـی بەرچـاوی هەبـوو).
لەعێراقـدا ئەگـەر چـی سـەنتەری نیشـتمانی بـۆ تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی چەندیـن سـاڵە بوونـی هەیە.بـەڵام بەهـۆی گواسـتنەوەی دەسـڵاتەکان بـۆ پارێـزگاکان ئـەو سـەنتەرە رۆڵێکـی زۆری نیـە لـە پارێزگاکاندا.بەڵکـو تەنهـا لـە بەغـدا رۆڵێکـی بەرچـاوی هەیە،هەرچەنـدە رێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی نوێنەرانـی هەمـوو سـەنتەرەکی لەسەرانسـەری عێـراق کۆکـردەوە بـۆ کاری پێکەوەیی،بـەڵام ئەنجامێکـی ئەوتـۆی لێنەکەوتـەوە!

چوارچێـوەی یاسـای لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان بـۆ پرسـی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی،لاوازە و ناگاتـە ئاسـتی پێـوەرە نێودەوڵەتییەکان.ئەگـەر چـی لـە عێـراق سـەنتەری تایبـەت هەیـە بـە تەندروسـتی سـەلامەتی پیشـەیی و لەهەرێمـی کوردسـتان بوونـی نیە،بـەڵام لـە هـەردوو لادا هیـچ لایەکیـان چاودێـری سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەییان نیـە کـە بتوانێـت سـەردانی شـوێ،ەکانی کاربکات.ئـەوەی هەیـە پشـکنەرانی کار دەبێـت بـەو ئەرکـە هەڵبسـتن،کە لەبنەڕەتـدا لەهەمـوو عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان ناگەنـە دووسـەد پشـکنەرێك کـە بەهیـچ شـێوەیەك ناتوانـن بـە ئەرکەکانـی خۆیـان هەڵبسـتن چ جـا فریـای سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی بکـەون!

ئـەو رێنماییانـەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کـە بـۆ سـەلامەتی پیشـەیی دەرکـردوون گرنگن،بـەڵام بـەس نین.پێویستە هەنـگاوی کـرداری خێـرا بنرێت بۆ ئەوەی سـەنتەری نیشـتمانی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی دابنێت.چاودێـری تایبەتـی ئـەو بـوارە دابنرێـت و دەسـەڵاتیان پێبدرێت.هەمـوو ئەوانـەش پێویسـتی بـەوە هەیـە کـە دەسـتکاری یاسـای کار بکرێت،بۆیـە گرنگـە حکومـەت و پەرلەمانـی داهاتـووی هەرێـم بـەو کارە هەڵسـن.

ئەوەنـدەی رێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی ئـاگادارە وەزارەتـی کاروکاروبـاری عێـراق لـە چوارچێـوەی هەمـواری یاسـای کاری ٣٧ی سـاڵی ٢٠١٥ دەسـتکاری چەندیـن بڕگـەی کـردووە بـە بـواری سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی،بەڵام لەهەمـووی گرنگـتر ئەوەیـە کـە چاودێری بەدەسـەڵاتی تایبەت بۆ ئـەو بوارە دابنرێت،سـەنتەرە نیشـتمانییەکان یەکبخرێـن و لەچوارچێوەیەکـی هاوبەشـدا کاربکـەن تابتوانرێـت کاریگەرییـان هەبێـت.

بەپێـی بەدواداچونەکانـی تیمـی رێکخراوەکەمـان تاوەکـو کۆتایـی مانگـی حوزەیرانـی ٢٠٢٤ لـە پارێزگاکانـی

هەرێمی کوردستان ٢٠ کرێکار گیانیان لەدەستداوە لە کاتی کارکردندا کە ٩ لە هەولێر، ٨ لە سلێمانی ، ٢ لەگەرمیان و یەك لە دهۆك بوون.بەدەیانیش تووشی پێکان بوون.ئەو ژمارەیە تەنها ئەوەندەیە کە تیمەکانی ئێمە و هەندێك لەسەندیکاکانی کرێکاران پشتڕاستیان کردۆتەوە،ئەگەرنا بۆی هەیە ژمارەکە لەوە زیاتربێت.هۆکارەکانی گیان لەدەستدانیش هەرهەموویان بەهۆی دەستەبەرنەکردنی پێداویستییەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی بوون لە لایەن خاوەن کار، نەبوونی چاودێری حکوومەی لەو بوارەدا.کە زۆرتین گیان لەدەستدان بەهۆی بەربوونەوە بووە لە باڵەخانە بەرزەکان لەدوای ئەویش گیان لەدەستدان بەهۆی کارەباوە.

لە عێراقیشدا بەهۆی ئەوەی کە ژمارەی گیا لەدەستدان بەئاسانی دەستناکەوێت ،سەنتەری نیشتمانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی تەنها ژمارەی پێکانەکان دەخاتەڕوو،بەنموونە بەپێی ئاماری سەنتەرەکە لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤ ژمارەی پێکانی کرێکاران لە کاتی کارکردندا ١٩٩ کرێکار بووە.لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا بە پێی سەنتەرەکە ١٣٢ کرێکار بووە.بەڵام لەراستیدا ژمارەی پێکانەکان زۆر لەوەزیاترن. کە لەلایەك تۆمارناکرێن،لەولاشەوە ئەو سەنتەرە پەیوەندییەکانی پتەو نیە لەگەڵ سەنتەری شارەکان تاوەکو ژمارەو ئاماری وردی قوربانیانی کاربخاتەڕوو.بەپێی بەدواداچوونەکانی تیمەکانی رێ:خراوی ئاشتی و ئازادی لە شەش مانگی ئەمساڵدا ئەوەی کە تیمەکانمان توانیویەتی تۆماری بکات ژمارەی گیان لەدەستدان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق واتە جگە لەهەرێمی کوردستان ٣٠ کرێکارن.کە زۆرترینیان بەهۆی بەربوونەوە لە باڵەخانەو داڕووخانی باڵەخانەکان بەسەریاندا روویداوە. کە لەنێویاندا ٥ کرێکاری بیانی هەن کە چواریان کرێکاری سورین لە ئاگرکەوتنەوەیەك لەبەغدا گیانیان لەدەستداوەو،یەکێکیان پاکستانی کە لە بەسرا گیانی لەدەستداوە.

یەکێك لە دیاردە سەرنج راکێشەکانی ساڵی ٢٠٢٤ ئەوەیە کە دیاردەی داڕووخانی باڵەخانە و مزگەوت و قوتابخانەکان بووە لەزۆرێك لەشارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دووبارەبۆتەوە لەوانە لەبەغدا و سەماوەو ناسریە و ئەنبار و موسڵ و هەولێر.کە تیایدا چەندین کرێکار گیانیان لەدەستداوەو سەدانیش بریندازبوون.هەموو ئەوانەش بەهۆی چاودێرینەکردنی پرسی سەلامەتی و تەندروستی پیشەییەوە.

چارەنەکردنی چوارچێوەی یاسایی و رێنمایی تایبەت بە سەلامەتی پیشەیی لەعێراق و هەرێمی کوردستان و دروستنەکردنی دەستەی تایبەت بەو بوارەو دانەمەزراندنی چاودێری سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی دەبێتە هۆی دروستبوونی رەوشێکی پڕ مەترسی بۆ کرێکاران کە تیایدا رۆژ دوای رۆژ ژمارەی قوربانیان زیاتر و زۆرتردەبن،زیانی گەورەش بەسامانی مرۆیی و ماددی عێراق و هەرێمی کوردستان دەگات.

## سێیەم:  گۆرانی کەش و هەوا و کرێکاران

رۆژی ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٤ نەجم ئەلعقابی وتەبێژی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق رایگەیاند کە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانیی گەرما ژمارەیەکی زۆری کرێکار تووشی بوورانەوەو نەخۆشی بوون،بۆیە وەزارەتەکەیان گواستونەیەوە بۆ نەخۆشخانەکان.

رۆژی ٢٢ی حوزەیرانیش رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەبارەی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما هانی هەموو لایەنەکانی کاریدا لەعێراق کە هەوڵبدەن کرێکاران لە پلەکانی گەرما بپارێزن بەوەی کە حکومەت سەعاتەکانی کار رێکبخات.خاوەن کارەکان پێداویستی خۆپارێزی بۆ کرێکاران لەتیشکی رۆژ دەستەبەر بکات و سەندیکاکانی کرێکارانیش کرێکاران لەمەترسی کارکردن لەبەر تیشکی رۆژی راستەوخۆ لە حاڵەتی پلە بەرزبوونەوەی گەرما خۆیان بپارێزن.وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی عێراق هەڵمەتێکی هۆشیاری بۆ هوشیارکردنەوەی کرێکاران و خۆپارێزی لە تیشکی رۆژ دەستپێکردووە. لەهەرێمی کوردستانیش کە پلەکانی گەرما چەند پلەیەك کەمترە لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هیچ رێنمایی و هەڵمەتێك لەوبارەیەوە ئەنجام نەدراوە.تەنانەت هاندانەکەی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ڕوو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نیە.

بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە لەوبارەیەوە هیچ نەکراوە.تیمەکانی رێکخراوەکەمان سەدان حاڵەتی تۆمارکردووە کە کرێکاران لەبەر تیشکی هەتاو بەناچاری کاردەکەن و هیچ کەرەستەیەکی خۆپارێزییان بۆ دابین نەکراوە.سەعاتەکانی کارکردنیان وەکو خۆیەتی و هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە. هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کە ئەوان ناچارن ئەو کارەبکەن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان.

نەتەوە یەکگرتووەکان عێراق بە پێنجەم وڵات دادەنێت کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا . ئەمەش ئاماژە دەکات سەر پێویستی هەڵسەنگاندنەوەی شێوازەکانی کارکردن و جێبەجێکردنی پاراستنی باشتر لە بیناسازی و کەرتە کارچڕەکانی تردا. لە عێراق بەهۆی شەپۆلی گەرمای زۆرەوە کرێکاران بەتایبەتی لە کەرتی نارێکخراودا ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی سەخت بوونەتەوە و پلەکانی گەرما ٥٠ پلەی سەدی تێپەڕاندووە لە هەندێك پارێزگای عێراقدا.

## چوارەم: خۆپیشاندان و مانگرتنی کرێکاران لە ساڵی ٢٠٢٤

لەشەش مانگی رابردوودا بە پێی بەدواداچونەکانی تیمی رێکخراوی ئاشتی و ئازادی زیاتر لە ١٠٠ خۆپیشاندان و مانگرتنی کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت، تازە دەرچووان،کرێکارانی گرێبەست لە شاروشارۆچکە جیاجیاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە،کە زۆرترینیان لە بەغدا و پارێزگاکانی باشوری عێراق بوون.

بەشـێکی زۆری خۆپیشـاندانەکان پەیوەسـت بـوون بەداخـوازی کرێـکاران لـە زیادکردنـی مووچەکانیـان و کەمکردنـەوەی کاتژمێـرکار بەتایبەتـی کرێکارانـی ژینگەپارێز.هەروەهـا بەشـێکیان تایبـەت بـوون دامەزراندن،دواکەوتنـی مووچە،بـەڵام بەشێکیشـیان پەیوەسـت بـوون بەکژاچوونـەوەی بڕیـاری ڕێگەگرتـن لـە خۆپیشـاندان و مانگرتـن.

لـە ناوەڕاستی مانگـی ئایـاری ٢٠٢٤ ژمارەیـەك لـە کرێکارانـی گرێبەسـت لەبـەردەم کۆمپانیـای پاڵاوگەکانـی باشـور لـە بـەسرا کۆبوونـەوە بۆ ئـەوەی بکرێن بە کرێـکاری هەمیشـەیی،بەڵام بەزوبـری هێز خۆپیشـاندانەکە کۆتایـی پێهێـنرا و ژمارەیـەك کرێـکار دەسـتگیرکران و دواتـر ئازادکران.لەپارێـزگای زیقاریـش پێشـووتر هێـزە ئەمنییـەکان چەندیـن خۆپیشـاندانیان بەزەبـری هێـزو لێدانـی خۆپیشـاندان کۆـایی پێهێنـا کـە چەندیـن کرێـکاری خۆپیشـاندەر برینداربـوون.

لەمانگـی نیسـان و ئایـاری رابـردوو چەندیـن چالاکوانـی مافەکانـی کرێـکاران و فەرمانبـەران لـە بـەسرا تۆمەتـی ناڕاسـتیان بـۆ دروسـتکرا و دران بەدادگا.هـەر بۆیـە خۆپیشـاندانی فـراوان دژ بـەو کـردەوە ناشرینانە ئەنجـام دراو سـەندیکا و کرێکارانـی بـەسرا داوایـان کـرد هیچـی دیکـە لەبەرامبـەر داخوازیکردنـی مافەکانمان تۆمەتمـان بـۆ دروسـت مەکـەن.

بەپێـی نووسراوێکـی فەرمـی کـە لـە لایـەن جێگـری سـەرۆك وەزیـران دەرچـووە  لـە ١٣ی شـوباتی ٢٠٢٤ و کۆپییەکـی دەسـت تیمـی ڕێکخراوەکەمـان کەوتـووە داوادەکرێـت مۆڵـەت نەدرێـت بـە خۆپیشـاندان و مانگرتنـی کرێـکاران.

## پێنجەم: پێشنیارەکان

١- پەلەکـردن لـە دەرکردنــی یاســای رێکخســتنی کاری رێکخــراوە کرێکارییــەکان بەپێــی پابەندییــە نێودەوڵەتییەکانــی عێــراق کــە تیایــدا رێکخــراوە کرێکاریيــەکان بەشــداربن و ئــازادی و فرەیــی کاری رێکخراوەیــی پارێــزراو بێــت.

٢- هـەر هەموارێك بـۆ یاسـای کاری ژمـارە ٣٧ی ٢٠١٥ پێویسـتە بـۆ دەسـتەبەری زیاتـر مافـی کرێـکاران و زیاتـر رەخسـاندنی هەلـی کار بێـت.

٣- پەرلەمـان و حکوومەتـی داهاتـووی هەرێمـی کوردسـتان پێویسـتە پەلـە بـکات لـە بڕیاردانـی یاسـای کاری نـوێ بـۆ هەرێمـی کوردسـتان،هەمواری یاسـای خانەنشـینی و دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی و دەرکردنـی یاسـای رێکخسـتنی کاری رێکخـراوە کرێکارییـەکان کـە ئـازادی و فرەیـی تێـدا پارێـزراو بێـت.

٤- پێویسـتە یاسـای تایبـەت بـە سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان هەبێت.پێویســتە ســەدان پشــکنەری تایبەتــی بــۆ ئــەو بــوارە دابنرێــت.

٥- پێویستە ژمارەی پشکنەرانی کار لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان زیادبکرێن.

٦- گرنگـی زیاتـر بـە دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی بدرێت.رێوشـوێنەکانی توندتربکرێن.هەڵمەتی هوشـیاری زیاتـر ئەنجـام بدرێـن.

٧- ئـازادی خۆپیشـاندان و مانگرتـن فەراهـەم بکرێت.هەمـوو ئـەو نـوسراوو رێنماییانـەی بـۆ رێگـری لـە ئـازادی مانگرتـن و خۆپیشـاندانی کرێـکاران دەرکـراون رەتبکرێنـەوەو لـە چوارچێـوەی یاسـای کاردا مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێت.هەمـوو ئەوانـەی توندوتیـژی بەرامبـەر بـە کرێـکاران بەکاردەهێنـن سـزا بدرێـن.

٨- گرنگـە حکومەتـی عێـراق و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان رێنمایـی تایبـەت بـە کارکردنـی کرێکاران و گۆڕانـی کـەش و هـەوا دەربکـەن و هیچـی دیکـە رانەوەسـتن لەوبـارەوە.

رێکخـراوی  ئاشـتی وئـازادی, رێکخراوێکـی  ناحکومـی و قازانـج نەویسـتە, سـەربەخۆیە لـەکارو بڕیـاردان ، بـڕوای بـەکاری خۆبەخشـی هەیـە و کار بـۆ سـەقامگیری ئاشـتی و پاراسـتن وداکۆکـی لـە ئازادییەکانـی تـاك وکۆمـەڵ و پتوترکردنـی مافەکانـی مـرۆڤ دەکات و بـڕوای وایـە ناتوندوتیـژی تاکـە رێگەیـە بـۆ وەدیهێنانـی ئامانجـەکان.

**ئامانجی گشتی:**

بەشداربوون لە سەقامگیرکردنی ئاشتی و پتەوکردنی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ

**ئامانجە تایبەتەکان:**

- چەسـپاندنی ئاشـتی و پێکـەوە ژیـان ورۆحـی لێبـوردن ولێبوردەیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان.
- هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بە ماف و ئازادییەکان.
- بڵاوکردنـەوەی هـزری ناتوندوتیـژی وەك تاکـە رێگـە چارەیـەك بـۆ گەیشـتن بـە مافـەکان .
- بەرنگاربوونـەوەی هەمـوو شـێوازەکانی توندوتیـژی وجیاوازیکـردن وچەوسـاندنەوەی مرۆڤ.
- بونیادنانی توانامرۆییەکان

بەرهەمهێنانـی تاکێکـی کارا لەکۆمەڵـگا کـە بـڕوای بـە ئاشـتی وپێکـەوە ژیـان ولێبوردەیـی و ئازادییەکانـی تـاك و ئازادییـە گشـتییەکان هەبێـت و،دان بنێـت بـە مافەکانـی مـرۆڤ و هەوڵبـدات بـۆ سـەقامگیری کۆمەڵایەتـی.

WWW.PFO-KU.ORG

رێکخراوی ئاشتی و ئازادی
منظمة السلام والحرية
PFO
Peace and Freedom Organization